NED

DENG

یەکەی چاودێری

حکومەتی خۆجێی گەرمیان



## راپۆرتێك لەبارەی:

# شێرپەنجە لە گەرمیان و مامەڵەی حکومەت لەگەڵ نەخۆشییەکەدا

کانونی یەکەمی 2025

## ناساندنێکی گشتی: شێرپەنجە چیە؟

نەخۆشــی شێرپەنجە یان Cancer خانەکانی لەش بەشێوەیەکی نائاســایی و کۆنترۆڵنەکــراو دەســت دەکــەن بــە دابەشــبون و گەشەکردن، توانای ئەوەیان هەیە بڵاوببنەوە بۆ بەشەکانی دیکەی لەش، ئەمەش لە رێگەی خانەکانی لەشەوە دروست دەبێت.
د.ئەکــرەم مەحمود، پســپۆری نەخۆشــیەکانی خوێن لە گەرمیان باس لەوە دەکات: نەخۆشــی شــێرپەنجە گەشــەکردنێکی زیاد لە سنوری خۆیەتی و لە کۆنترۆڵی ئاسایی دەرچێت، ئەمەش هۆکاری زۆرە یەکێک لەوانە بۆماوەییە.
وتیشــی: یەکێکی تر لە هــۆکارەکان ژینەگەییەکانی وەک دوکەڵ و بەنزیــن و جگەرەکێشــان،هەریەک لەمانە ئەبێتە هۆی بازدانێک لە جینێکدا و گەشەکردنێکی زۆر دروست ئەبێت لە سنوری خۆی زیاتر.
ئەمــە لە کاتێکدایە بەپێــی توێژینەوەیەکــی (WHO رێکخراوی تەندروستی جیهانی) پزیشکە جیهانیەکان ٥ هۆکار بە دیارترین و ســەرەکیترین هۆکار دادەنێن کە مەترســی توشبون بە شێرپەنجە زیاد دەکات، ئەوانیش: جگەرەکێشان، قەڵەوی سیستەمی خۆراکی ناتەندروســت، هــۆکارە بۆماوەییــەکان، هەوکردنــی ڤایرۆســی و بەکتریاییەکان لەگەڵ هۆکارە ژینگەییەکان و بەرکەوتن بە تیشک.

## بەشی یەکەم: دۆخی شێرپەنجە لە گەرمیان

### ١. چیرۆکی توشبوانی نەخۆشی شێرپەنجە لە گەرمیان

«٤ ساڵ پێش ئێستا مەمکم گرێیەکی دروست کرد، لێرە سۆنەرم کرد وتیان هیچ نیە، کە رۆشتمە سلێمانی لەوێ وتیان گرێیە و هەر لەوێش نەشــتەرگەریم بۆکرا». حەپســە حەمە تالیب، دانیشتوی قەزای کەلار، یەکێکە لە توشبوانی نەخۆشی شێرپەنجە وادەڵێت.
وتیشــی: دواتر گرێکەیان ناردە «زەرع» دەرکەوت شــێرپەنجەی مەمکم هەیە، دوا بەدوای ئەوە راستەوخۆ دەستمکرد بە وەرگرتنی چارەســەر لە نەخۆشــخانەی هیــوا و ژیانەوە بەبــێ بەرامبەر، ٨ دەرزی کیمیایی و ١٩ تیشکم بۆ کرا.
هاوکات، بەفراو حەمەسەعید، دانیشتوی قەزای کەلارە و خوشک و براکانی توشــی شێرپەنجە بون و چیرۆکی وەرگرتنی چارەسەریان دەگێرێتەوە و باس لەوە دەکات: لە خێزانەکەی خۆم ٧ خوشک و برا و برازام توشــی شــێرپەنجە بون، لەگەڵ ئەوەشدا ١١ پورزاشم توش بون، براکەم و پورزاکەم مردون بەو نەخۆشیە.
«ســەرەتا کە توشــبوم گرێی هێلکەدانم هەبو، دوای لابردنی ئەو گرێیــە و هێلکەدانــەکان دواتر توشــی گرێی منداڵــدان بوم، کۆتا جاریش منداڵدانم هەڵگیرا لە بەغداد پێیان وتم گرێی شێرپەنجەی هەبوە، لە ئێستاشدا توشی پوکانەوەی ئێسک بوم و لە وەرگرتنی چارەســەرم». هاوژین، یەکێکی ترە لە توشــبوانی شــێرپەنجەی منداڵدان و دانیشتوی قەزای رزگارییە، وای وت.
شــاخەوان محەمــەد، یەکێکــی ترە لە توشــبوانی شــێرپەنجە لە گەرمیان هێما بۆ ئەوە دەکات: بۆماوەی ١ ساڵێک ٥ مانگە توشی شــێرپەنجەی خوێن بوم، چارەســەرم وەرگرتوە لە نەخۆشخانەی هیوا لە سلێمانی، چارەسەرەکانیش بەبێ بەرامبەر بون بەجۆرێک ٨ جەلسە دەرزی کیمیایم بۆ کراوە.
وتیشــی: حکومــەت بارگرانی ئەوەی لەســەر لابردوین کە دەرمان بکریــن، مــن دەرزی وام هەبوە بای هــەزار دۆلار و ٢ هەزار دۆلار بوە، تەنها هەندێک دەرمان نەبوە خۆم لە دەرەوە کڕیومە ئەویش بای ٢٠ هەزار و ٣٠ هەزار بوە.
لە هەمان کاتدا، فاتمە عەبدوڵڵا، دانیشتوی گوندی سەیدەی سەر بە ناحیەی سەرقەڵایە لە قەزای کفری، سەبارەت بە توشبونی بە نەخۆشــی شێرپەنجە دەدوێت و وتی: سەرەتای دەستنیشانکردنی نەخۆشــیەکەم دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ٢٠١١ کە گرێیەک لە سنگمدا هەبــو، نەشــتەرگەریم بۆ کرد بۆیان دەرهێنام کــە زەرعم بۆ کرد دەرکەوت شێرپەنجەمە.
وتیشــی: دوای چەند هەفتەیەک کە ســەردانی پزیشــکم کردەوە پشــکنینی بۆ کردم لە سلێمانی چەند گرێیەکی تری بچوکم هەبو کە ناچاربوم مەمکم ببڕنەوە بۆ ئەوەی تەشــەنە نەکات لە تەواوی جەستەم.
هێمــای بــۆ ئەوەشــکرد: راســتەوخۆ دوای ئەوە دەســتم کرد بە وەرگرتنی چارەســەر کە ٨ جەلسە کیمیایی و ١٥ جەلسە تیشکم بــۆ کرا کە هەمو جارێک ناچاربوم برۆمە ســلێمانی کە هەر لەوێ چارەسەر دەکرام.
لە بەرامبەردا، د.ئەکرەم مەحمود، پســپۆری نەخۆشیەکانی خوێن لە گەرمیان باس لەوە دەکات: ئەو جۆرە شێرپەنجەیانەی کە لە گەرمیان هەن لە ناوچەکانی تری کوردستان و عێراق و دەرەوەشدا هەیــە، بــەڵام رەنگە لــە هەندێک وڵات جــۆری زیاتــر هەبێت بە کۆمەڵێک هۆکاری زیاتر لەوانە ئەفەریقا و ئوستراليا.
دەشڵێت: بەڵام وەک گەرمیان شتێک نیە سەرەنجت رابکێشێت و جیاوازبێت لە ناوچەکانی تر و هۆکارێکی دیاریکراو بێت بڵێی ئەمە هۆکارەکەیەتی، بەڵکو هەمو ناوچەکان وەک یەکن.

## ٢. حکومەت چی بۆ توشبوانی شێرپەنجە کردوە؟

حەپسە حەمە تالیب، دانیشتوی قەزای کەلار جەختی لەوەکردەوە: وەک حکومەت لە گەرمیان هیچی بۆ نەکردوین نەم من هەمو توشبوانی ئەو نەخۆشیە، نە پشکنین نە سەنتەرێک هیچ نیە تاوەکو ئێمە هەمو مانگێک ئەم ڕێگەیە نەبڕین و نەچینە سلێمانی.
هاوکات، بەفراو حەمە سەعید، دانیشتوی قەزای کەلارە و وتیشی: هیچ شتێک بۆ نەخۆشانی شێرپەنجە نەکراوە لە گەرمیان کە لێرە بتوانن چارەسەر وەربگرن، ناچارن بە بەردەوامی بڕۆنە سلێمانی و لەوێ چارەسەر وەردەگرن، کە لە نەخۆشخانەی هیواش وەکپێویست نیە هەر کەسێک نەخۆشیەکەی قورس بێت ئەینێرنە نەخۆشخانەیەکی ئەهلی، برازاکەمیان ناردوەتە ئەوێ لە روی مادییەوە لە توانانی نەبوە نەرۆشتوە بۆ وەرگرتنی چارەسەر.
جەختی لەوەشکردەوە: پورزاکانیشم رۆشتونەتە تورکیا چارەسەریان وەرگرتوە کە حکومەت هیچی بۆ نەکردون ئەوەش خێرخواز پارەی بۆ دابینکردون و رۆشتون.
هەندێک لە توشبوانی نەخۆشی شێرپەنجە نەک چارەسەریان لە هەرێم نیە، بەڵکو ناچارن بڕۆنە دەرەوەی وڵات بۆ وەرگرتنی چارەسەر، یەکێک لەوانە هاوژین شکورە.
ئەو دەڵێت: لە کوردستان شتێکی وام بۆ نەکرا وەک چارەسەر، دواجار رۆشتمە تورکیا بۆ وەرگرتنی چارەسەری پوکانەوەکەی ئێسکم، بەڵام چارەسەری من لە دەرەوەی وڵاتە لە ئەڵمانیا ئەمە بە راپۆرت پێم دراوەتەوە، چونکە ئەو چارەسەرانی ئێرە وەک پێم وتراوە کاتیە.
جەختی لەوەشکردەوە: بۆیە ناچارم ئێستا لە بەغداد چارەسەر وەردەگرم، نەک لە گەرمیان، بەڵکو لە کوردستان شتێکی وا پێویستی بۆ توشبوانی شێرپەنجە نەکراوە بەتایبەت ئەوانەی کە شێرپەنجەکەیان قورسە و پێویستی بە چارەسەرە.
بەپێی وتەی هاوژین، لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی قسەی کردوە بۆ ئەوەی بتوانن هاوکاری بکەن و بڕواتە وڵاتی ئەڵمانیا چارەسەر وەربگرێت، بەڵام تاوەکو ئێستا حکومەت هیچی بۆ نەکردوە و وەکخۆی ماوەتەوە.
هاوکات، دڵنیا جیهاد، وتەبێژی ڕێکخراوی زریان بۆ روبەڕوبونەوەی شێرپەنجە لە گەرمیان دەڵێت: وەک حکومەت لە گەرمیان تاوەکو ئێستا هیچی بۆ توشبوانی شێرپەنجە نەکردوە، نەیتوانیوە سەنتەرێک یاخود نەخۆشخانەیەک بکاتەوە لە ناوچەکە بە پێداویستی و دەرمان و ستافەوە.
وتیشی: ئەگەرچی ئێمە بەردەوامین لە هەوڵەکانمان بەجۆرێک ٢ نوسراومان کردوە بۆ بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، هاوکات نوسراومان کردوە بۆ داواکاری گشتی، لەگەڵ ئەوەشدا نوسراومان کردوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی حکومەتیش کە ئاورێک لە گەرمیان بدرێتەوە و حاڵەتەکانی توشبون بە شێرپەنجە زیادیکردوە.
جەختی لەوەشکردەوە: داوامان کردوە سەنتەرێکی تایبەتمەند بکرێتەوە بۆ توشبوان و خێرخوازانیش ئامادەییان دەربڕیوە هاوکاری بکەن بۆ دروستکردنی ئەو سەنتەرە و بۆ ئەو مەبەستەش ئیمزامان کۆکردەوەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا حکومەت هیچ هەنگاوێکی نەناوە و وەڵامی نوسراوەکانی ئێمەشیان نەداوەتەوە.
لە بەرامبەردا، د. محەمەد ئازاد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، دەڵێت: ئەو نوسراوانەی کە باس دەکرێت پێشتربوە و لە سەردەمی مندا نەبوە، بەڵام لە وەزارەت ئەوە باسکراوە کە پێشنیاری کردنەوەی سەنتەری لەوشێوەیە کراوە.
وتیشی: بەڵام کردنەوەی ئەو سەنتەرانە ئاسان نیە، لەبەر ئەوەی پزیشکی پسپۆری تایبەت و ستافی باشی ئەوێ لەگەڵ توانایەکی مرۆیی زۆر باش، هاوکات دەبێت بەگوێرەی ڕێنماییەکان بێت.
بەپێی وتەی ئەو بەڕێوبەرە، لە ئێستادا گرێبەستەکان بون بە مەرکەزی و دەبێت بەگوێری ئەو ڕێنماییانەبێت کە عێراق دایناوە و پرۆتۆکۆڵی خۆی هەیە بۆ ئەومەبەستە، ئەگەر بەوشێوەیە نەبێت ئەوە رەزامەندی نادات، بۆ ئێستا و لەم قۆناغەدا بۆ گەرمیان حکومەت و وەزارەتی تەندروستیش رەزامەندی نادات.
«وەکو لایەنی حکومەی بۆ توشبوانی شێرپەنجە هەنگاوێکی جدی و رێکوپێک نیە بەڕاستی، باسی ئەوە ناکەم لەملاولا کەسانێکی ناپسپۆر قسە لەسەر ئەو بابەتە دەکرێت، چونکە هەنگاوەکان هەنگاوێکی دروست و دراسەتکراو نیین و شتێکی وانەکراوە«.
د.ئەکرەم مەحمود، پسپۆری نەخۆشیەکانی خوێن لە گەرمیان وادەڵێت.
جەختی لەوەشکردەوە: ئەم بابەتە هاتنە پێشەوەی جدی ئەوێ بۆ ئەوەی کارێک بکرێت لە بەرژەوەندی توشبوان بێت، دەبێت بناغەیەکی رێکوپێکی بۆ دابنرێت ئەوکات ئاسانتر ئەتوانین بگەین بە کردنەوەی سەنتەرێک یان نەخۆشخانەیەک بە پێداویستیەکانیەوە بۆ نەخۆشەکان.
وتیشی: ئەو سەنتەرە سەرەتاش ئەگەر بە جۆرێک بێت هەتا پێویستیشی بە سەردانکردنی نەخۆشخانەی هیوا بێت، بەڵام بەردەوامی و تەواوکردنی چارەسەرکانی ئەتوانێت لە کەلار تەواو بکات، ئەوکات بارگرانی و زەحمەتیەکی زۆر لەسەر نەخۆشەکە و خێزانەکەشی لادەبات.



مناڵێک لە نەخۆشخانەی هیوا لە سلێمانی چارەسەر وەردەگرێت  فۆتۆ: پەیجی نەخۆشخانەی هیوا

## ٣. نەبونی سەنتەر و نەخۆشخانەی تایبەت بە توشبوانی شێرپەنجە

شاخەوان محەمەد، یەکێکی ترە لە توشبوانی شێرپەنجە لە گەرمیان هێما بۆ ئەوە دەکات: لە گەرمیان هیچ شتێک نەکراوە بۆ توشبوانی شێرپەنجە وەک سەنتەرێکی باش نەخۆشخانەیەکی باش کە بتوانین چاودێری نەخۆشیەکەمان بکەن یان چارەسەر وەربگرین، ناچارین هەمو جارێک بڕۆینە سلێمانی بۆ ئەوەی پشکنینێک ئەنجام بدەین.

دەشڵێت: بۆ ناوچەیەکی بەرفراوانی وەک گەرمیان و ئەو ڕێژە زۆرەی توشبوان لەم ناوچەیە پێویستە گرنگی بەو لایەنە بدرێت و ستاف و پێداویستی و بودجەی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت.

بە هەمان شێوە، فاتمە عەبدوڵڵا، دانیشتوی گوندی سەیدەی سەر بە ناحیەی سەرقەڵایە لە قەزای کفری، سەبارەت بە توشبونی بە نەخۆشی شێرپەنجە دەدوێت و وتی: وەک گەرمیان هیچ نەکراوە بۆ نەخۆشانی شێرپەنجە، ئەوەی هەیە نەخۆشخانەی هیوایە لەگەڵ نەخۆشخانەی ژیانەوە لەسلێمانین، لە کاتێکدا پێویستە سەنتەر و نەخۆشخانە و پێداویستی و بودجەی تایبەت هەبێت بۆ ئێمەی توشبوان.

دەشڵێت: دوای ئەو هەمو ماوەیە بە بەردەوامی دەبێت بڕۆمە سلێمانی بۆ ئەنجامدانی پشکنین بۆ ئەوەی چاودێری نەخۆشیەکەم بکەم کە لە ئێستادا پزیشک پێی وتوم تێمپەڕاندوە، ئەگەرچی هەمو جارێک تیشکم بۆ دەگرن بۆ ئەوەی بزانرێت کاریگەری نەبوە لە سەر ئێسکەکانم، چونکە مەترسی سەرهەڵدانەوەی هەیە.

لەبەرامبەردا، د. محەمەد ئازاد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان دەڵێت: وەکو حکومەت هیچ سەنتەر و بینایەکی تایبەتمەندی نیە بە توشبوانی شێرپەنجە لە سنورەکە، بەڵام وەبەرهێنەرێک بڕیارە سەنتەرێکی تایبەتمەند دروست بکات، کە پرۆژەیەکی تەواوکارییە و لە دراسەدایە جارێک نەبوە بە بڕیار.

وتیشی: کۆی خەرجی ئامێر و دەرمان و پێداویستی و ستاف لە ئەستۆی ئەو وەبەرهێنەرەیە، ئەرکی ئێمە چاودێریکردنیەتی لە روی زانستیەوە.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: وەک تەندروستی لاریمان نیە لە دروستکردنی بینای ئەو سەنتەرە، ئامادەین زەوی بۆ دابین بکەین تەنانەت بەشی ئەندازە و هونەری و پلاندانانمان ئامادەن بۆ هاوکاریکردنی ئەو وەبەرهێنە و گرنگە ئەو پرۆژەیە جێبەجێ بکرێت.

لەبەرامبەردا پزیشکێکی پسپۆڕی بواری خوێن ئاماژە بەوەدەکات سەرەتا دەتوانرێت لە هەنگاوە سەرەتاییەکانەوە دەستپێبکرێت لە بری ئەوەی راستەوخۆ نەخۆشخانەیەک دابنرێت.

د.ئەکرەم مەحمود، باس لەوە دەکات: پشکنینی پێشوەختە بۆ شێرپەنجە یەکێکە لە گرنگرتین فاکتەرەکان کە وا ئەکات ئەگەر شێرپەنجە لە کەسەکەشدا روبدات لە قۆناغێی زۆر سەرەتای ئەبێت، ئەوکات چارەسەکردن ئاسان دەبێت و کۆنترۆڵکردن و بنەبڕکردنیشی ئاسان دەبێت.

دەشڵێت: بۆ نمونە ئەوەی کە هەیە لە دونیادا بۆ شێرپەنجەی مەمک و ملی مناڵدان و کۆڵۆن و سیەکان، ئەمانە بە هەناوبینین دیاری دەکرێت و زۆر قورسیش نیە ئەتوانین لە گەرمیان ئەمە پیادە بکرێت، بەڵام هەنگاوێکی زانستی و جوامێرانە و خەڵکێکی زانستی ئەوێ کە لە پشتی ئەمەوە هەنگاو بنێن.

## ٤. گەرمیان و نەبونی داتای وردی توشبوان

تاوەکو ئێستا نە لەسەر ئاستی کوردستان و نە لە گەرمیانیش داتایەکی رون نیە بۆ توشبوان بە نەخۆشی شێرپەنجە، پزیشکێکیش دەڵێت: ئەمە ئەرکی حکومەتە داتاکان رێکبخات و بۆ رای گشتی ئاشکرا بکات.

د.ئەکرەم مەحمود، پسپۆری نەخۆشیەکانی خوێن لە گەرمیان باس لەوە دەکات: سەبارەت بەوەی داتایەک هەبێت بەشێوەیەک بێت هەر شوێنە و بەدواداچونێکی بۆ کرابێت لەسەر ئاستی هەرێم و توێژینەوەیەکی باش و هەڵسەنگاندنی بۆ کرابێت، شتێکی وانیە لە گەرمیان و نەکراوە.

دەشڵێت: ئەوەی هەیە بەچاو دەبینرێت و دەزانرێت، ئەگەرنا وەک ئەوەی توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر بابەتەکە و داتاکردن و هۆکارەکانی دیاریکرابێت کە لە چ شوێنێک زۆرە و لە چ شوێنێک کەمە، یان هەڵسەنگاندنێک بکرێت بۆ ئەوەی کە ئێستا رودەدات و لە رابردو چۆن بوە و هۆکارە ژینگەییەکان تا چەند پاڵنەرە بۆ ئەو بابەتە، شتێکی وا ورد نەک لە گەرمیان، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی نەکراوە و نیە.

بەپێ وتەی ئەو پزیشکی پسپۆرە، رەنگە زۆرجار دەوترێت ژمارەی دانیشتوان زیادی کردوە یاخود پێداویستیەکانی مرۆڤ زیاتر بون و ئەمە هۆکاربێت بۆ نەخۆشیەکە و زیاتر بونی نازانین، بەڵام لە ساڵەکانی ٢٠٠٠ەکان زۆرجار زۆر کەس هەبوە نەمان زانیوە نەخۆشیەکە چیبوە راستەوخۆ وتویانە خوێنت فاسد بوە، کەچی ئێستا دەزانین کە شێرپەنجەی خوێنە، جاران ئەم بابەتانانە لە شارە گەورەکان زیاتر بو کەچی ئێستا شارە بچوکەکانیشی گرتوەتەوە.

هاوکات، د. محەمەد ئازاد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان دەڵێت: وەک بەڕێوبەرایەتی ناتوانین هیچ داتایەک بڵێن، چونکە نە دروستە نە زانستیە نە ئیداریشە، لەبەر ئەوەی هیچ سەنتەرێکی تایبەتمەندمان نیە بە توشبوانی شێرپەنجە لە سنورەکە.

یەکەکەمان پەیوەندیی بە نەخۆشخانەی هیواوە کرد بۆ دەستخستنی ئاماری توشبوانی خەڵکی گەرمیان کە لەو نەخۆشخانەیەدا تۆمار کرابن، بەڵام ئاماژەیان بەوەدا هیچ داتایەکی تایبەت بە قەزاکانیان نییە و جیایان نەکردوەتەوە.

بەپێچەوانەی حکومەت رێکخراوێک توشبوانی شێرپەنجە لە گەرمیان تۆمار دەکات.

دڵنیا جیهاد، وتەبێژی رێکخراوی زریان بۆ روبەڕوبونەوەی شێرپەنجە لە گەرمیان وتی: ئێمە کاتێک توشبوانی شێرپەنجە داتا دەکەین کە هاوکاری مادییان دەکەین، بەڵام رێژەکە زۆر زیاترە لەوەی کە ئێمە داتامان کردوە.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئەو داتایەی کە تۆمارمان کردوە ژن و پیاو و منداڵ لە خۆ دەگرێت، لە ساڵی ٢٠١٨ تاوەکو ئێستا ١٤٠٠ توشبو تۆمار کراوە لەلامان.

ئاماری حاڵەتە تۆمارکراوەکانی رێکخراوی زریان لەماوەی دو ساڵدا

| جۆری نەخۆشی | 2024 | 2025 |
|---|---|---|
| خوێن | 67 | 6 |
| کۆڵۆن | 30 | 1 |
| غودە | 12 | -- |
| جگەر | 27 | -- |
| پێست | 3 | -- |
| مناڵدان | 21 | -- |
| مێشک | 16 | -- |
| ئێسک و مۆخ | 12 | -- |
| مەمک | 158 | 8 |
| پرۆستات | 6 | -- |
| سییەکان | 4 | -- |
| گورچیلە | 3 | -- |

## ٥. هۆکارە یارمەتیدەرەکانی توشبون بە شیرپەنجە لە زاری شارەزایانەوە

بەگشتی هۆکارەکانی توشبون بە شیرپەنجە بەشێوەیەکی بنبڕ یەکلایی ناکرێنەوە، بەڵام کۆمەڵێک توخمی ژینگەیی هەن کە وەک هۆکاری یاریدەدەر بۆ بڵاوبونەوەی نەخۆشییەکە دەناسرێن. د. عەبدولمتەلب رەفعەت، پسپۆری بواری ژینگە و مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان وتی: نەخۆشی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان روی لە زیادبون کردوە بەتایبەت گەرمیان کە ساڵ دوای ساڵ رێژەی نوێ تۆمار دەکات، یەکێک لە هۆکارەکان پیسبونی ژینگەیە، چونکە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر تەندروستی تاک هەیە. ناوبراو ئەو توخمە ژینگەییانەی بەمشێوەیەی لایخوارەوە پۆلێن کرد:

### ا. ئاو

بەپێی وتەی ئەو پسپۆرەی بواری ژینگە، یەکێکی تر لە هۆکارەکانی توشبون بە شێرپەنجە خراپی سەرچاوەی ئاوە.
د. عەبدولموتەڵیب رەفعەت، دەڵێت: ئاو لەلای ئێمە وەکپێویست پاڵاوتنی بۆ ناکرێت، ئەوەی کە دەکرێت لە پاڵاوگەکان خاوێنی ئەکەنەوە، بەڵام زۆربەی سیستەمەکانی گەیاندنی ئاو بەماڵان بەتایبەت لە کەلار کۆنن و مادە کاسینۆجینەکان دورنیە لەو سیستەمەدا کۆبببێتەوە بەهۆی کۆنییانەوە.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: نابێت راستەوخۆ ئاو لە روبارەکان بخورێتەوە، چونکە ئاوی زێرابەکان راستەوخۆ دەڕژێتە ناو روباری سیروان، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی شێرپەنجە، چونکە چەندین مادەی قورس هەن کە لە نێو ئەو ئاوەدا کۆدەبێتەوە.
بەپێی وتەی د.عەبدولمتەڵب، توێژینەوەی تایبەتیان ئەنجامداوە لەسەر ئاوی روباری سیروان و دەربەندیخان، ئاوی ئەم دو ناوچەیە گونجاو نیە بۆ بەکارهێنان بەشێوەی راستەوخۆ، لەبەر ئەوەی رێژەیەکی زۆری قۆرقۆشم و مادەکانی تر کە هۆکارن بۆ شێرپەنجە، تێیاندا کۆبوەتەوە.
لە بەرامبەردا، دورەید سەلیم، بەڕێوبەری فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان وتی: تێکەڵبونی ئاوەڕۆ بەسەرچاوەکانی ئاوی بەتایبەت روباری سیروان، ئەم کێشەیە لە سەرانسەری هەرێمدا هەیە نەک تەنها گەرمیان، هۆکارەکەشی ئەوەیە تاوەکو ئێستا هیچ کارگەیەکی ریسایکلینی مادە شلەکانمان نیە.
وتیشی: نەبونی یەکەی چارەسەر و فڕێدانی زێرابەکان راستەوخۆ بۆ نێو روبارەکان، هۆکارێکی تری پیسبونی ژینگە و توشبونە بە نەخۆشی شێرپەنجە، چونکە میتاڵە قورسەکان زۆر ئەبێت تێیدا. «وەک شارەونیەکانی گەرمیان تاوەکو ئیستا شتێکی وامان ئامادە نەکردوە کە چارەسەری ئاوی قورسی پێبکرێت، تەنها لە شارەوانی قەزای کفری نەبێت ئاوەڕۆکەی شوێنی دەرچونی نەبوە لیژنەیەک لە وەزارەت پێکهێنار بۆ ئەو مەبەستە داوای دانانی یەکەی چارەسەر کراوە بۆ قەزاکە«. بەرزان کەریم، بەڕێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی شارەوانیەکانی گەرمیان وای وت.
وتیشی: لەم قۆناغەدا دانانی یەکەی چارەسەری ئاوی قورس لە گەرمیان پێویستی بە بودجە و ستاف و سیانەکردن هەیە، ئەمەش قورسە بۆ وەزارەت، چونکە بەهۆی نەبونی سویلە هەمو کارێک وەستاوە، ئێمە زەوی نایاب ئەفرۆشینەوە، کەچی پارەکەی ئەخرێتە خەزێنەی وەزارەتەوە و دواتر کە داوای پارە دەکەین ئەڵێن نییە.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: کاتی خۆی شارەوانی کەلار بابەتێکی لەوشێوەیەی گەڵاڵە کرد کە کارگەیەکی لەوشێوەیە دابنرێت، بەڵام نەکراوە، بۆیە پێویستە حکومەت خۆی بیدات بە کۆمپانیایەکی تایبەتمەند لە بوارەکە، لەبەر ئەوەی دانانی ئەو کارگەیە لە توانای حکومەت نیە لە ئێستادا.



دیمەنێکی پیسکردنی روباری سیروان لەڕێگەی فڕێدانی پاشماوەی ئاژەڵی فۆتۆ: سۆسیال میدیا

## ب. پیسبونی هەوا

کوالێتی هەوا یەکێکە تۆخمەکانی ژینگە بەپێی وتەی شارەزایان و پسپۆرانی بواری ژینگە پیسبونی کوالێتی هەوا یەکێکە لە هۆکارەکان بۆ شێرپەنجە.

د. عەبدولمتەلب رەفعەت، پسپۆری بواری ژینگە و مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان دەڵێت: کوالێتی هەوا لە گەرمیان مامناوەندە نە باشە نە خراپە، بەڵام لە هەندێک ناوچەی گەرمیان کە مۆلیدە ئەهلیەکان کاردەکان یاخود ئەو شوێنانەی نزیک بە شەقامەکانن ئەمانە زیاتر مەترسیان لەسەرە، چونکە زۆر لە مادە مەترسیدارەکان بەتایبەت مادە قورسەکان لە ناو هەوا بڵاودەبێتەوە.

وتیشی: مادە کاربۆنەکان وەک یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن و دوەم ئیکسیدی کاربۆن و تیئۆڤیسی وHCHO ئەمانە مادەی شێرپەنجەین و هۆکارن بۆ توشبون، بۆیە لەوناوچانەی کە باسم کرد رێژەیان زیاترە.

جەختی لەوەشکردەوە: توێژینەوەمان ئەنجامداوە لەسەر کافێ و چێشتخانە و چایخانەکان، کوالێتی هەوا لەو شوێنانە لە ئاستێکی خراپدایە، چونکە میتاڵی قورس و گەردیلە وردەکان تێیاندا بەرزە و هۆکارە بۆ شێرپەنجە، ئەو شوێنانەش هەیە مەرجێکی سەلامەتی تەندروستیان تێدا جێبەجێ نەکراوە.

هاوکات، د. دورەید سەلیم، بەڕێوبەری فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان وتی: لە روی زانستی ژینگەییەوە شێرپەنجە لە سێ رێگاوە داخڵ بە جەستەی مرۆڤ دەبێت، یەکێک لەوانە کە سەرەکیترینیانە کوالێتی هەوایە، چونکە بەرکەوتەی سەرەکی و راستەوخۆیە.

وتیشی: دوەمیان بەرکەوتنە بە مادە تیشکاوییەکان سێیەمیان بەرکەوتەیە بە مادە کیمیاوییەکان.

لە بارەی کوالێتی هەوای ناوچەکە تا چەند پاکە؟ بەڕێوبەری فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان دەڵێت: کوالێتی هەوای ناوچەکە زۆر باشە، چونکە لە ماوەکانی رابردودا کوالێتی هەوامان پێواوە بەپێی داتاکان زۆرباشە و هەندێکجار مامناوەندیش بوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کارگەی نایاسایی لە ناوچەکەدا نیە وەک شارەکانی تری هەرێم.

## پ. پیسبونی خاک

پیسبونی خاک بە هۆکارێکی تری شێرپەنجە دانراوە لە روی زانستیەوە، چونکە خاک پەیوەندی راستەوخۆی بە ژیانی تاکەکان و خۆراکی مرۆڤەوە هەیە، بە پیسبونی ئەو خاکە راستەوخۆ مەترسی توشبون لەسەر تاک زیاد دەکات.

د. عەبدولموتەڵب رەفعەت، پسپۆری بواری ژینگە دەڵێت: خاک لەلای ئێمە بەشێوەیەکی زۆر خراپ کوالێتی تێکچوە، چونکە ئەو ئاوەی بەکاری ئەهێنین بۆ ئاودێریکردن ئەوەی سەر زەوی و ژێر زەوی کە لە هەندێک شوێن بەکاری ئەهێنین، ئاوی زێرابی تێدا بەرکارهاتوە و کۆئەبێتەوە لە ناو خاک، لەوێشەوە ئەچێتە ناو روەک و خۆراک راستەوخۆ مرۆڤ وەریدەگرێت، چونکە مادەی میتاڵە قورسەکانی تێدایە.

وتیشی: یەکێکی تر لە کێشەکان پەینی کیمایی و مادە قڕکەرەکانە کە جوتیار بەکاری ئەهێنێت بەبێ ئەوەی زانیاری هەبێت، پێویستە ساڵانە پشکنین بۆ ئەو خاکە بکرێت و ئەو روەکەشی کە هەیە نەخۆشیە کشتوکاڵیەکان دیاری بکرێت، ئەوکات مادەی تایبەتی بۆ بەکاربهێنرێت نەک بەوشێوەی ئێستا هەیە.

بەپێی وتەی ئەو پسپۆرەی بواری ژینگە، لە روی زانستییەوە ئەوە سەلمێنراوە خراپی و پیسبونی خاک هۆکارە بۆ توشبون بە شێرپەنجە، کوالێتی خاکیش لە زۆربەی ناوچەکانی ئێمە بەرەوە خراپتر ئەچێت و لاواز بوە و میتاڵەکانیش رۆژ دوای رۆژ زیاتر ئەبێت.

هاوکات، د. دورەید سەلیم، بەڕێوبەری فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان وتی: پیسبونی خاک بە مادە کیمیایی و قڕکەرەکان ئەرکی وەزارەتی کشتوکاڵە کە کاری جدی لەسەر ئەو بابەتە بکات، چونکە لەلایەن جوتیارانەوە بەکارئەهێنرێت بەشێوەیەکی نازانستی، ئەمەش ئەبێتە هۆی پیسبونی خاک و ئەو مادە خۆراکیانەی کە بەرهەم ئەهێنرێت لەسەر ئەو خاکە، هەر بۆیە ئەمە هۆکارە بۆ شێرپەنجە.

وتیشی: لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە دراسەتێکی زانستی مەیدانی زۆر ورد بکرێت سەبارەت بە خاک بۆ ئەوەی بزانین گەشتوینەتە ئاستی پیسبون یان نا کە تاوەکو ئێستا ئەوە نەکراوە.

لە بەرامبەردا، شادییە حسێن، بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان دەڵێت: وەک رێنمایی هەیە لە وەزارەتمان بۆ قەدەغەکردنی هەندێک مادەی قڕکەر کە نەهێنرێتە ژورەوە، بۆ ئەو مەبەستەش رێگریمان کردوە و لەگەڵ قایمقامیەتەکانیش لیژنەمان دروست کردوە بۆ ئەومەبەستە و باریش هەر ئەگرین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دێت.

وتیشی: لەسەر مەرزەکان بۆ هێنانی بەرهەمەکان پشکنینی مادە قڕکەرەکان دەکرێت، بەڵام پشکنینی کیمیایی دەرناکرێت نازانین هۆکارەکەی چیە، بەڵام ئێمە لە رێگەی کۆمپانیاوە لە نێو عەلوەکە ئەو پشکنینانە دەکەین وەک مادەقڕکەرەکان.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: کۆمەڵێک باری قڕکەر هەیە کە دێتە ژورەوە لە سنورەکان و هەندێک بە قاچاخ دێت لە عێراقەوە رێگە پێدراو نیە کەچی هەر ئەهێنرێت.

جەختی لەوەشکردەوە: بە بەردەوامی لەلایەن رێکخراوەکان و ئەندازیارەکانی خۆشمانەوە هۆشیاری بە جوتیار دراوە لە رێگەی سیمینار و کۆبونەوە بێت یاخود بە راستەوخۆی بێت، سەبارەت بە زیانەکان و مەترسی بەکارهێنانی مادەقڕکەرەکان و کیمیاییەکان.

## ت. سوتاندنی پاشماوەکان

سوتاندنی پاشماوەکان و لە ناوبردنیان بەشێوەیەکی نازانستی بەیەکێکی تر لە هۆکارەکان دادەنرێت بۆ توشبون بە شێرپەنجە، چونکە تاوەکو ئێستا لە گەرمیان هیچ کارگەیەکی ریسایکلین بونی نیە لە سنورەکە.

عەبدولموتەڵب رەفعەت، جەخت لەوە دەکاتەوە: لەناوبردن و سوتاندنی پاشماوەکان بەشێوەیەکی ناتەندروست بەتایبەت سوتاندنی پلاستیک یەکێکی ترە لە هۆکارەکان بۆ شێرپەنجە، چونکە پلاستیک لە نەوت دروست دەکرێت و رێژەیەکی زۆریش دەهێنرێتە هەرێم بەبێ ئەوەی کوالێتیەکی باشیان هەبێت.

وتیشی: ئەو شوێنە نیشتەجێبونانەی کە نزیکن لەو ناوچەیەی ئەو مادە پلاستیکانەی تێدا دەسوتێنرێت مەترسیان لەسەرە، پێویستە رێگری لەو کارە بکرێت و کارگەی تایبەتمەند هەبێت بۆ لەناوبردنی ئەو پاشماوانە.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئەو رێژە زۆرەی پلاستیک کە دەهێنرێتە هەرێم کوالێتیان نزمە و مەرجی سەلامەتیان تێدا رەچاو نەکراوە، بەجۆرێک لە روی زانستیەوە پۆلێن کراوە بۆ نمونە لە ١ بۆ ٧ پێویستە بزانین بۆچی بەکاردێت بەپێی ژمارەکان و خراپیەکەی چیە، بەڵام لە وڵاتی ئێمە جۆرەها دێت و سەلامەتی نیە، بۆنمونە سەتڵی ماست پلاستیکە و لە نەوتیش دروستکراوە.

ئەو پسپۆرە دەشڵێت: پێویستە رەچاوی لایەتی تەندروستی بکرێت بەشێوەی زانستی لەناوببرێت و بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، چونکە هۆکارە بۆ پیسبونی هەوا خاک سەرچاوەکانی ئاویش.

لە بەرامبەردا، د. دورەید سەلیم، بەرێوبەری فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان وتی: لە گەرمیان لە ناوبردنی پاشماوەکان و سوتاندنیان بەشێوەی هەرەمەکییە و زانستی نیە، ئەگەرچی لە ماوەکانی رابردو وەزارەتی تەندروستی چەندین ئامێری دابینکرد بۆ لەناوبردنی مادە کیمیاییەکان ئەسوتێنران لە دەرەوە پێشتر، بۆیە لە ئێستادا نازانم ئەوە کاردەکات یان نا.

تاوەکو ئێستا لە گەرمیان کارگەی ریسایکلینی خۆڵ و خاشاک بونی نیە، بەرێوبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیانیش دەڵێت: کۆمپانیای تایبەتمەندی دەوێت.

بەرزان کەریم، بەرێوبەری گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان وتی: داوامان لە حکومەت کرد لە تەندەرینی خۆڵ و خاشاک کۆکردنەوە، کارگەی ریسایکلین هەبێت، بەڵام وەزارەت داوای کرد بە دەرخستەیەکی تایبەتمەندیان کرد ئەمەش پێویستی بە کۆمپانیا و نوسینگەی تایبەتمەندە بەو بوارە و کاری کردبێت پێشتر.

دەشڵێت: بۆیە تاوەکو ئێستا لەم بوارەدا هیچ نەکراوە و نەمانتوانیوە دەرخستەیەکیش ئامادە بکەین، چونکە لە توانای شارەوانییدا نیە.

«ئامێری سوتێنەری پاشماوەکانی تەندروستیمان هەیە، بەڵام تاقەکەی دیاریکراوە، بۆیە برپارماندواە بیگوازینەوە نێو کۆگای سەرەکی دەرمان بۆ ئەوەی هەمو گەرمیان سودی لێببینن بە نەخۆشخانە ئەهلیەکانیشەوە«. د. محەمەد ئازاد، بەرێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان وا دەڵێت.

دەشڵێت: لەگەڵ ئەوەشدا لە پلانی ٢٠٢٦دا ئەوەمان داناوە ئامێرێکی گەورەتر بکرین ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران رەزامەندی بدات، بۆ ئەومەبەستەش نزسراومان بۆ وەزارەتی تەندروستی کردوە ئەگەر ئەنجومەنی وەزیرانیش رێگەی نەدا لەسەر بودجەی بەرێوبەرایەتی بیکرین.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئەمساڵ بۆیە نەمانتوانی ئەوەبکەین قەرزێکی ساڵی رابردومان لەسەر بو کە تەنها یەک کۆمپانیا ٣١٠ ملیۆن دیناری لەلامان بوە تەنها بۆ کرینی ئامێر، بۆیە ناچاربون ئەوانە سفربکەینەوە.



شێوازی چارەسەرکردنی پاشماوە و خۆڵ و خاشاک لە گەرمیان      فۆتۆ: رادیۆی دەنگ

## ٦. بونی سەنتەرێکی ماموٚگرافی لە کفری و هەوڵدان بۆ کردنەوەی سەنتەرێکی تر لە کەلار

لــە قەزای کفری ســەنتەرێکی تایبەت بە پشــکنینی گرێی مەمک کراوەتەوە، بەڕێوبەری نەخۆشــخانەی شــەهید خالد گەرمیانی لە قەزای کفری دەڵێت: مانگە ٧٠ نەخۆش دەبینێت.
سامان سەرتیپ، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید خالد گەرمیانی لە قەزای کفری دەڵێت: لە ســەنتەرەکەدا پزیشــکێکی پســپۆری سنگ و مەمکی ژنانمان هەیە کە هەفتەی ١ ڕۆژ نەخۆش دەبینێت، کە مانگانە ٧٠ نەخۆش لە سنورەکەدا دەبینێت، هاوکات لە بەشی مۆمۆگرافیەکەش ٢ کارمەندی خۆبەخشمان هەیە کە ڕاهێنراون لە هەفتەیەکــدا ٣ ڕۆژ دەوام دەکــەن ئەوەش مانگانە ٢٥ نەخۆش بە بەردەوامی مۆمۆگرافیان بۆ دەکەن، ئەگەرچی ڕێژەکە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت.
وتیشــی: ئــەم ســەنتەرە لە مانگی ٧ــی ئەمســاڵەوە بە فەرمی دەستی بەکارەکانی کردوە و بەردەوامە لە کارکردن.
بەپێــی وتەی بەڕێوبەری نەخۆشــخانەی شــەهید خالد گەرمیانی لە قەزای کفری، ســەنتەرەکە لە ئێســتادا وەکپێویست نیە، بەڵام هەنگاوێکــی گرنگە کە نراوە. وتی: ئەگەر بمانەوێت ســەنتەرێکی باش بێت ئەوە پێویســتمان بە پزیشکی نەشتەرگری هەیە لەگەڵ ئامێرێکی ســیتی سکان و MRI لەگەڵ ئامێری سۆنەر کە هەمانە بەڵام پزیشــکی بۆردمان نیە و پزیشــکی ڕاهێنراومان هەیە بۆ ئەو مەبەستە، هاوکات ئێستا ٢ کارمەندی خۆبەخشمان هەیە دەکرێت ٤ بن لەگەڵ کۆمەڵێک پزیشک و پسپۆری دیکە دابنرێت.
جەختی لەوەشــکردەوە: لە کاتی کردنەوەی ســەنتەرەکە تاوەکو ئێستا ٧ بۆ ١٢ نەخۆشی نەخۆشانەی هیوا و نانەکەلیمان هەیە کە دێنە لای ئێمە چاودێری تەندروستی خۆیان دەکەن و ناڕۆنەوە سلێمانی.
بەپێی ئامارێکی سەنتەری شێرپەنجەی مەمک لە کفری لە ماوەی ٥ مانگی ئەمساڵدا ڕێژەی بینینی نەخۆش و مۆمۆگرافی بۆ مەمکی ژنان بەمشێوەیە:
بینینی نەخۆش: ٣٥٠
ماموٚگرافی: ١٢٥
هاوکات، د. محەمەد ئازاد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، دەڵێــت: ســەنتەری ماموٚگرافیەکــەی کفری دەســتی بەکارەکانی کردوە و ئامێر و ستاف و پێداویستی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا چەند دکتۆرێکی کەی پێویستە کە زۆر سودی بۆ ناوچەکە دەبێت و داواکراوە.
هــاوکات لە نێو ســەنتەری تیشــک لە کەلار هەنگاوێــک نراوە بۆ دانانی ئامێری ماموٚگرافی تایبەت بە پشکنینی سنگی ژنان.
د. محەمەد ئازاد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، دەڵێت: بڕیارە لە نێو ســەنتەری تیشــکەکەی کەلار لە نێو نەخۆشخانەی گشتی سەنتەرێکی تری ماموٚگرافی بکەینەوە تایبەت خانمان.
وتیشــی: پزیشکێکمان هەیە لە ئێستادا و چاوەڕوانین پزیشکێکی دیکەمان بۆ بێتەوە کە پسپۆری تایبەتن بە نەخۆشیەکانی مەمک، گرێبەستیش کراوە ئامێری ماموٚگرافیەکە لە دەرەوەی وڵات بهێنن و چاوەڕوان دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا بگاتە دەستمان، لەگەڵ ئەوەشدا کارمەندمان بۆ ئەو مەبەستە داناوە.
جەختــی لەوەشــکردەوە: هەمــو ئەمانــە لەســەر بودجــەی بەڕێوبەرایەتیمان کراوە و چاوەڕوان دەکرێت لە دەستپێکی ساڵی ٢٠٢٦ بخرێتە خزمەت هاوڵاتیانەوە.



دیمەنێکی سەنتەری پشکنینی مەمک لە کفری
فۆتۆ: پەیجی بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان

## ٧. نەبونی خزمەتگوزاری تەندروستی دەرونی بۆ توشبوانی شێرپەنجە

پسپۆڕێکی بواری دەرونی جەخت لەوە دەکاتەوە، توشبوانی شێرپەنجە بۆ خۆیان دەرونێکی نائارامیان هەیە پێویستە حکومەت خزمەتگوزارییان پێشکەش بکات بۆ ئەوەی کەمێک لەو بارگرانیە دەرونیەی توشیان بوە کەم ببێتەوە.
بەیان حەمە تاهیر، پسپۆڕی بواری دەرونی و مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان، وتی: ناوهێنانی نەخۆشی شێرپەنجە خۆی بۆ خۆی مرۆڤ توشی دڵەڕاوکێ و دەرونی دەکات، چ بگات بەوانەی کە توشی دەبن بەجۆرێک توشی داڕمانێکی دەرونی دەبن کە چی لێ بەسەردێت چەندی تر لە ژیان دەمێنێتەوە.
وتیشی: یەکێکی تر لە بارگرانیە دەرونیەکە کە توشی توشبوانی شێرپەنجە بوە لە گەرمیان ئەو رێگا دورەیە کە هەمو مانگێک بۆ وەرگرتنی چارەسەربێت یان پشکنینێکی چەند دەقەی بێت دەیبڕێت، ئەمە بۆ خۆی بارگرانیەکی تری دەرونیە کە توشی هەڵگرانی شێرپەنجە بوەتەوە، کە رەنگە زۆرجار سەربکێشێت بۆ خەمۆکی.
جەختی لەوەشکردەوە: نەخۆشی وامان هەبوە ئەو رێگە دورەشی بڕیوە بۆ وەرگرتنی دەرمانێک دەستی نەکەوتوە، ئەمە بۆ خۆی گرفتێکی ترە، سەرباری گرانی نرخی دەرمانەکانیش کە چەندین خێزانمان هەیە هەمو شتێکیان لەدەست داوە لە پێناو نەخۆشەکەیان.

## ٨. رێکخراوێک لە گەرمیان لە بری حکومەت خەمی توشبوانی شێرپەنجەی هەڵگرتوە

رێکخراوی زریان بۆ روبەڕوبونەوەی شێرپەنجە، لە ساڵی ٢٠١٨ـەوە لەلایەن کۆمەڵێک گەنجی خۆبەخشەوە دامەزراوە، ئەرکی ئەم رێکخراوە هاوکاری دارایی ئەو خێزانانە دەکات کە باری داراییان خراپە و توشبوی شێرپەنجەیان هەیە.
دڵنیا جیهاد، وتەبێژی رێکخراوی زریان بۆ روبەڕوبونەوەی شێرپەنجە لە گەرمیان وتی: کارەکانی ئەم رێکخراوە و ئامانجەکەی ئەوەیە کە هاوکاری دارایی دەبەخشێتە توشبوانی شێرپەنجە کە دۆخی داراییان خراپە.
بەپێی وتەی وتەبێژی رێکخراوی زریان لە گەرمیان، رێکخراوەکە ٢ ناميلكەی بڵاوکردوەتەوە یەکێک لەوانە تایبەت بە نەخۆشی شێرپەنجە بە تەواوی زانیارییەکان لەسەری، هاوکات ناميلكەی دوەم کۆمەڵێک هۆشیاری تەندروستیە لەسەر نەخۆشەکە کە چۆن خۆمان بپارێزین و هۆکارەکانی چیە، هاوکات پرۆشەری هۆشیارییان لەسەر نەخۆشیەکە بڵاوکردوەتەوە.
جەختی لەوەشکردەوە: بەشێکی توشبوانی شێرپەنجە لە گەرمیان داتایە لەلای ئێمە کە تەنها لە ماوەی ساڵی ٢٠٢٥ـدا ٥٨ حاڵەت تۆمارکراون لەلای رێکخراوەکەمان، بەگشتی لەساتی دامەزراندنی رێکخراوەکەوە تاوەکو ئێستا ١٤٠٠ کەس لە گەرمیان توشبوی شێرپەنجە لەلای ئێمە تۆمارە، بەڵام رێژەکە زۆر زیاترە لەوەی کە تۆمارکراوە.




دابەشکردنی هاوکاری دارایی لەلایەن رێکخراوی زریان بەسەر توشبوانی شێرپەنجە      فۆتۆ: رێکخراوی زریان

# بەشی دوەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجام

١. زیادبونی نەخۆشـییەکە و نەبونی داتای فەرمی و ورد:
بەپێـی پێدراوەکان، ژمارەی توشـبوانی شـیرپەنجە لە گەرمیـان رو لە زیادبونە، ئەمەش بەوتەی پزیشـک و بەرپرسـانی تەندروسـتی، بـەڵام تائێسـتا حکومەت و تەندروسـتی گەرمیـان هیچ ئامارێکـی وردی توشـبوانیان لەبەردەسـتدا نییە، ئـەو ئامارانەی هەشـن تەنها لای رێکخـراوە مەدەنییەکانـە (وەکرێکخراوی زریـان کە ١٤٠٠ توشـبوی تۆمارکردوە).

٢. نەبونی دەزگای تایبەتمەند:
تاوەکـو ئێسـتا لـە سـنوری ئیـدارەی گەرمیـان هیـچ سـەنتەر یـان نەخۆشـخانەیەکی تایبەت بـە چارەسـەرکردنی شـێرپەنجە بونـی نییـە، ئەمـەش گەورەتریـن گرفتـی نەخۆشـەکانە.

٣. بارگرانی دارایی و جەسـتەیی بۆ نەخۆش:
بەهـۆی نەبونـی سـەنتەر لـە ناوچەکـەدا، نەخۆشـەکان ناچـارن مانگانـە رێگایەکـی دور و پڕ لـە مەترسـی ببڕن بۆ سـلێمانی (نەخۆشـخانەی هیـوا) یـان بەغـداد و تەنانـەت وڵاتانـی دیکـەش بـۆ وەرگرتنی چارەسـەر، کـە ئەمەش تێچویەکـی زۆری دەوێت.

٤. پیسـبونی ژینگە وەک هۆکارێکی سەرەکی:
تائێسـتا هـۆکارە زانسـتییەکانی توشـبون بـە شـیرپەنجە لێکۆڵینەوەی لەبـارەوە دەکرێت، بـەڵام ئـەو هۆکارانەی کە بـە یارمەتیـدەر یان هانـدەری توشـبون دەناسـرێن، لەگەرمیاندا بونیـان هەیە. شـارەزایان ئاماژە بۆ ئـەوە دەکەن کە پیسـبونی هـەوا (بەهۆی مۆلیـدە و کارگـەکان)، تێکەڵبونی ئاوەڕۆ بـە روباری سـیروان، بەکارهێنانی مـادە قڕکەرەکان لـە کشـتوکاڵدا، دەکرێـت لە هـۆکاری کاریگـەری زیادبونی نەخۆشـییەکە بن لـە گەرمیان.

٥. کەمتەرخەمـی حکومەت لە جێبەجێکردنی پرۆژەکان:
چەندیـن نوسـراو و داواکاری لەلایـەن دامـودەزگا تەندروسـتییەکان و رێکخراوەکانـەوە ئاراسـتەی ئەنجومەنـی وەزیران و تەندروسـتی کـراوە بـۆ کردنـەوەی سـەنتەرێک، بـەڵام تائێسـتا وەڵامـی جیدیـی نەدراوەتـەوە و کارەکان تەنها لە چوارچێـوەی «دراسـە« و «بەڵێـن»دا ماونەتەوە.

٦. سـوتاندنی ناتەندروستی پاشماوەکان:
نەبونـی کارگـەی ریسـایکلین و سـوتاندنی پاشـماوە پلاسـتیکییەکان بەشـێوەیەکی هەڕەمەکـی لـە گەرمیـان، بوەتە هـۆی بڵاوبونـەوەی مـادە ژەهراوییـەکان لە هـەوادا کە ئەمانەش مەترسـی شـێرپەنجە زیـاد دەکەن.

٧. هەنگاوی سـەرەتایی لە کفری و کەلار:
تەنهـا هەوڵـی ئومێدبەخـش کردنـەوەی سـەنتەرێکی بچوکـی «مامۆگرافی»یـە لـە کفـری و هەوڵێکـی هاوشـێوە لە کەلاریـش هەیـە «هێشـتا نەکراوەتـەوە»، بـەڵام ئەمانـە تەنهـا بـۆ دەستنیشـانکردنن نـەک بـۆ چارەسـەرکردنی نەخۆشـییەکە.

٨. نەبونی خزمەتگوزاریی دەرونی:
توشـبوانی شـێرپەنجە لـە گەرمیـان بەدەسـت دارمانی دەرونـی و خەمۆکییـەوە دەناڵێنـن و هیچ سـەنتەرێکی حکومی نییـە پاڵپشـتی دەرونییان بـکات بـۆ روبەڕوبونەوەی نەخۆشـییەکە.

٩. رۆڵی رێکخراوەکان لەبری حکومەت:
رێکخـراوە خۆبەخشـەکان (وەک رێکخـراوی زریـان) ئەرکـی حکومەتیـان گرتوەتە ئەسـتۆ لـە کۆکردنـەوەی هاوکاری دارایـی و دابینکردنـی دەرمـان و بڵاوکردنەوەی هۆشـیاری بۆ نەخۆشـەکان.

١٠. مەترسی داهاتو:
بەهـۆی بەردەوامـی هـۆکارە ژینگەییـەکان و نەبونـی سیسـتەمێکی پشـکنینی پێشـوەختە و سـەنتەری چارەسـەر، پێشـبینی دەکرێـت رێـژەی توشـبون لـە گەرمیان سـاڵ دوای سـاڵ رو لە زیادبـون بکات.

## دووەم: ڕاسپاردەکان

١. لەڕوی ژێرخانی تەندروستییەوە
ا. کردنەوەی سەنتەری چارەسەری کیمیایی:
پێویستە حکومەت بەپەلە سەنتەرێکی بچوکراوەی چارەسەر (Chemotherapy Unit) لە گەرمیان بکاتەوە، تاوەکو نەخۆشەکان بۆ وەرگرتنی دەرزی و چارەسەرە وەرزییەکان ناچار نەبن بچنە سلێمانی.
ب. ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنەران:
لابردنی ڕێگرییە ئیدارییەکان لەبەردەم ئەو وەبەرهێنەرانەی دەیانەوێت سەنتەری پسپۆڕی شێرپەنجە دروست بکەن و دابینکردنی زەوی و پشتیوانی یاسایی بۆیان.
پ. فراوانکردنی سەنتەرەکانی پشکنینی پێشوەختە:
جگە لە مەمک، پێویستە ئامێری دیکە بۆ پشکنینی پێشوەختەی کۆڵۆن و گەدە دابین بکرێن و پزیشکی پسپۆڕیان بۆ تەرخان بکرێت.

٢. لەڕوی کارگێڕیی و داتاوە
ا. دروستکردنی «داتابەیسی شێرپەنجەی گەرمیان»:
ڕاسپاردنی تەندروستی گەرمیان بۆ دروستکردنی تۆمارێکی دیجیتاڵی ورد کە تێیدا جۆری شێرپەنجە، تەمەن و شوێنی نیشتەجێبونی توشبوان تۆمار بکرێت، بۆ ئەوەی بزانرێت هۆکارە ژینگەییەکان لە کام ناوچە کاریگەرترن.
ب. دابینکردنی بودجەی تایبەت بە دەرمان:
تەرخانکردنی بودجەیەکی مانگانەی جێگیر بۆ دابینکردنی ئەو دەرمانە گرانبەهایانەی کە ئێستا نەخۆشەکان لە بازاڕدا دەیکڕن.

٣. لەڕوی پاراستنی ژینگەوە (ڕێگری لە هۆکارەکان)
ا. بنیاتنانی یەکەی پاڵاوتنی ئاوەڕۆ:
پەلەکردن لە دروستکردنی کارگەی ریسایکلینی ئاوی قورس (Sewage Treatment) بۆ ڕێگریکردن لە ڕژانی ئاوەڕۆی شارەکان بۆ ناو ڕوباری سیروان کە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەیە.
ب. قەدەغەکردنی سوتاندنی پاشماوەکان:
دانانی کارگەی ریسایکلینی خۆڵ و خاشاک و قەدەغەکردنی توندی سوتاندنی پلاستیک و پاشماوە نەوتییەکان لە نزیک ناوچە نیشتەجێبونەکان و ژێرخۆڵ خستنیان بەبێ چارەسەر.
پ. کۆنترۆڵی مەرزەکان بۆ مادە کیمیاییەکان:
توندکردنەوەی چاودێریی لەسەر هاوردەکردنی مادە قڕکەرەکان و پەیینی کیمیایی و ڕێگریکردن لەو مادانەی کە لەسەر ئاستی جیهانی وەک «مادەی شێرپەنجەیی» ناسێنراون.

٤. پاڵپشتی مرۆیی و کۆمەڵایەتی
ا. دامەزراندنی یەکەی پاڵپشتی دەرونی:
کردنەوەی بەشێکی تایبەت لەناو نەخۆشخانەکاندا کە پزیشکی دەرونی و توێژەری لێ بێت، بۆ هاوکاریکردنی نەخۆش و خێزانەکانیان لەڕوی ورە و موراڵەوە.
ب. هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکان:
حکومەت لەبری پشتگوێخستن، پێویستە دەستە یان بۆرد یاخود ژورێکی هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە مەدەنییەکان دروست بکات بۆ ئەوەی هاوکارییەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بگاتە دەست هەمو نەخۆشەکان.

**لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە**

یەکەیەکی ڕۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی ڕادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. پەرژین کامەران

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net